KURDISTAN NET
کوردستان نێت
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

# بـــۆ/ ســـەرۆکی هەرێمـــی کوردستـــان

## یاداشتی سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنـــان
## تایبەت بەمەحکوم کردنی تاوانی کوشتنی دوعا

- سەرۆکی حکومەتی کوردستان
- پەرلـەمـــانی کوردستـــان
- رێکخـــراوەکانـــی ژنـــان
- رێکخـــراوە مەدەنیـــەکان
- ناوەندە مرۆڤدۆستیەجیهانیەکان

بەرێـــزان

ئەمە یەکەم جار نیە لەکوردستانێکی ئازاددا، ژنان بەم شێوە بیحورمەتیە رەشەکوژ دەکرێن, لەماوەی ئەم ١٦ساڵە لەئازادی سیاسی، کەم نەبون ئەو ژن و کچانەی وەك دوعای تەمەن ١٧ ساڵ بەدڕندانەترین شێوە تیرۆرکران, کەسیشمان گوێبیستی هاوارو دەنگیان نەبوین, کەژاڵ کە لەگەڵ کۆرپە ٧مانگەکەی سکیدا بەچەقۆ ئە نجن ئە نجن کراو، بەر لەوەی گیانی دەرچێت خرایە ژێر خاك, فا تمەی تەمەن ١٧ساڵ کە بەڕوتی بەستیانەوە بەگوریسێکەوەو لەنێو قەدی بیرێکدا بەجێیان هێشت تارۆحی دەرچوو, ئامینەی تەمەن ٣٢ ساڵ هەموو بنەماڵەکەی کۆبونەوەو لەنێویاندا ٧ پیاویان دەست نیشانکرد هەریەك فیشەکێکی پێوەنا, زۆر ئافرەتی ترو, دیمەنی زۆر دڕندانەتر وەك دیمەنی کوشتنەکەی دوعا نەگواستریەوە بۆ ناو خەڵك تاك و کاریگەری هەبێت بۆ سەر ئەو کەمە وێژدانەی لەنێو کۆمەڵی کوردیدا لەئاست ئینسان بونی ژن هەیە.

لەئێستاشدا بلاَوبونەوەی وێنەی کوشتنی دوعا بەو شێوە نامرۆڤانەیە دەنگێکە بۆ ئەو ژنانەی تیرۆرکران و بۆ ئەو تاوانانەی لەئاییندەدا ئە نجام دەدرێن, پێمان دەڵێت ئەمڕۆ دوعا، سبەینێ، کێ؟؟

بۆ وەستانەوە دژ بەم تاوانانە داواکارین:

١- ئە نجامدەرانی تاوانی کوشتنی دوعا بدرێنە دادگاو لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە بیانبینین, تا بۆ یەك جار دەسەلاَتی کوردی خۆی بەرپرس کات لەئاست ئەو تاوانانەی بەرامبەر ژنان ئە نجام دەدرێن.

٢- مەسەلەی کوشتنی دوعا هەروەك تاوانەکانی تری بەرامبەر ژنان سەیر بکرێت و نەقۆزرێتەوە بۆ مەسەلەی دەمارگیری ئاینی و سیاسی.

٣- ئەم تاوانە لە پێناو بەرژەوەندییە سیاسیەکاندا سازشی لەسەر نەکرێت.

سەنتەری راگەیاندن و روناکبیری ژنان

(رێوان)

٢٠٠٧/٤/٢٩